# رابوونی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی لە جیهاندا

ن: مارك پورگنز مەیر
و. لە فارسییەوە: عومەری یوسفی

**پووختە**

پێگەیشتن و فراژووبوونی چالاکییەکانی نەتەوەگەرایانەو مەزەبی لە دوو دەیەی ئەم دواییەدا، سەرنجی زۆرینەی بیرمەندانی زانستی رامیاری و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی بۆ خۆی کێش کردووەو لێکۆڵینەوەو بیردۆزەی زۆری بەدوای خۆیدا هاوردووە. نووسەری بابەتی بەردەستیش یەکێکە لە چاودێرە وردبینەکانی بزووتنەوە سەلەفییەکان. نووسراوەکەی خۆی لەسەر بنەمای پۆلینکردنی ئەو جۆرە جوڵانەوانە، لەسەر سێ شێوە، ناسیۆنالیزمی مەزەبی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزمی مەزەبی ئایدیۆلۆجی و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی - ئایدیۆلۆجی، دادەمەزرێنێت و تایبەتمەندی و ئامانجە فکرییەکانی هەریەکێکیان بەدرێژی لێکدەداتەوە. لە دیدی ئەوەوە، گەشەو ڤراژووبوونی ئەم جۆرە رابوونانە، بەلەبەرچاوگرتنی هەستکردن بەنائارامی زۆرێك لە خەڵکانی جیهان، لە دنیای دوای لێکهەڵوەشانی سۆڤیەت و ئاوابوونی توانای ئابووری زۆرێ لە وڵاتان، ئاساییە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە رێگا چارەکانی ئەم بزووتنەوانە لە کۆتاییدا کەم بایەخن. پێویستە بگوترێت کە ئەم بابەتە هەرچەندە لە بارەی مێژووی بڵاوکرانەوەی ئەوەندە نوێ نایەتە ئەژمار، بەڵام بەهۆی جۆری تێڕامانی نووسەرو جۆری پۆلینکردنی، هێشتا گرینگ و سەرنجراکێشە، بەتایبەتی کە ئەو، خوێندنەوەکانی خۆی لەسەر هەمان بنەما لە ساڵانی دواتردا، بەتایبەتی رووداوی ١١ی سیپتێمبەری ٢٠٠١، پەرە پێداوە، هەڵبەتە ئەم بابەتە هەڵدەگرێ راڤە بکرێت و ببێتە بنەمای بابەتی دژە ئاراستە، چونکە دەوڵەتانی ئیسلامی هەڵگری وەها بیرو بۆچونێکن، لێرەوەیە نەتەوە ژێردەستەکانیشیان ناچاری هەڵگری وەها بۆچوونێك بن و لەگەڵ ئیسلامی خۆیاندا رووەو ناسیۆنالیزمی مەزهەبی و ئایدیۆلۆجی بیگونجێنن.

کلیلی واژەکان: ناسیۆنالیزم، بونیادگەران، پەیمانگەران، بیردۆزەی پیلانگێڕی، تیرۆریزم و نەتەوایەتی.

یەکێك لە رابەرانی سیاسیی حەماس دەڵێت: (فەلەستین ناتوانێت ئازاد بێت، مەگەر وڵاتێکی ئیسلامی تێدا بەرپا بکرێت)[1] ئەم رستەیەی چەند مانگێك بەر لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٦، لە غەزە دەربڕی، هەڵبژاردنێك نە تەنها هەر یاسر عەرەفاتی سەرکەوتووانە گەیاندە دەسەڵات، بەڵکو خەونی فەلەستینی بۆ گەلێکی سەربەخۆ گەیاندە کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گەلە لەو جۆرەی کە ئەو چالاکە ئیسلامخوازەو هاوکارانی ئارەزوویان دەکرد، نەبوو. هەر لەبەر ئەوە، لەخۆ ئامادەکردن بۆ پۆستەکانی دەوڵەت، خۆیان بواردو، تەنانەت داوایان لەلایەنگرانی خۆیان کرد بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن. ئەوان هەڕەشەیان کرد کە بزووتنەوە درێژە بە (چالاکییە سیاسییەکانی) خۆی دەدات کە ئەوەش مانای هێرشی تیرۆریستییە، لەوانەش زنجیرە چالاکی بۆمب نانەوە لەلایەن گرۆیەکی سەربازییەوە کە (بیت المقدس، تل ابیب)و چەند خاڵێکی تری ئیسرائیلی لە شوبات و مارتی (١٩٩٦)دا لەرزاند و ئەنجامی ئاشتی و یەکێتی هەڵوەشاو و لاوازی یاسر عەرەفاتی خستە بەر مەترسی.

لەولاشەوە لە ئیسرائیلیش هەڵسوڕاوانی یەهودی، رابەری سیکۆلاری گەلی خۆیان خستە بەر هێرش و جارێکی دیکە، پێکهاتەی مەترسیداری مەزهەب و سیاسەت گەیشتە خوێنڕێژی. بیگال ئەمیر، ئەو کەسەی بەهۆی تیرۆری سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە تەلئەبیب لە (٤ تشرینی دووەمی ١٩٩٥) بەتاوانبار ناسرا، گوتی کە بۆ ئەم کارەی بەڵگەی ئایینی بەدەستەوەیە، (هەر کارێك کە من ئەنجامم دا، بۆ رەزامەندی خوابوو[2]). ئەمیر سەرسەختانە ئەو هەوڵانەی رەتکردنەوە کە وەکیلەکانی دەیاندا، تا نیشانی بدەن، بەهۆی شێتییەوە ئەم کارەی کردووە و بە تاوانبار لە قەڵەم نەدرێت ، دەیگوت:

(بارودۆخم تەواو ئاساییە)، رایگەیاند کوشتنی رابین بەئاگایانە بووە و شانازی پێوە دەکات و چونکە لەگەڵ دەقی تایبەت بەمافی مەزهەبی یەکدەگرێتەوە، کە دەڵێ دژایەتی ئەو کەسانەی نیازی لەناوبردنی گەلی یەهودیان هەیە، رەوایە[3].

بەر لەم تیرۆرەش، کۆمەڵی خەباتگێڕانی لاوی یەهودییان لە نزیك هەبرون نیشاندا کە لەگەڵ زۆربەی بۆچوونەکانی ئەمیردا یەکیان دەگرتەوە. ئەوان هێشتا رقی کوژرانی دکتۆر (باروخ گلدشتاین)یان لە دڵدا بوو کە بەدەستی گروپێکی موسڵمانی تووڕە، لە شوباتی ١٩٩٥ کوژرا، گوڵدشتاین لە مزگەوتێکدا کە نەزەرگەی باوکانی رووحانییە، مەزاری بەخاك سپاردنی حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبە (سەلامی خوایان لێبێت)، بۆ موسڵمان و یەهوودیان پیرۆزە، (٣٥) موسڵمانی لەکاتی نوێژکردندا کوشت.

گۆڕی گوڵدشتاین ئێستا بۆتە زیارەتگا. خەباتگێڕانی یەهودی کە لەوێبوون دەیانگووت: شێوەکردەنی گلدشتاین، نەتەنها بۆ پاراستنی خاکە بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە میللەتی یەهود پێوستە: میللەتێك لەبەر پێشینەی مێژوویی و بۆ رزگاری، دەبێ لەسەر ئەو خاکەی تەوراتی تێدا هاتۆتە خوارێ بوونی هەبێت. مەزبیش وا دەخوازێ لە بارەی رامیاری و سەربازییەوە ئەم هەنگ هەڵگرن. یەکێکیان گوتی:

(یەهودیان دەبێ فێربن کە بەشێوەی نەتەوەیی کاری پەرستن ئەنجام بدەن[٤] ئەم پێکهاتە بەهێزە تەقینەوەیەکە لە مەزهەب و ناسیۆنالیزم، تەنانەت رووداوگەلی بۆمب دانانەوە لە کۆشکی فیدرای ئوکلاهاما (١٩ی نیسان ١٩٩٥)، یاخود کوشتار بەهۆی بڵاوبوونەوەی گاز لە ئێستگای مێترۆی تۆکیۆ (٢٠ی ئازاری ١٩٩٥)، کە لەوانەیە وەکو رووداوی تیرۆرستی تاکەکەس چاویان لێبکرێت، بەشی سەرەکی ئەم جۆرە رووداوانەن لە جووڵانەوەکانی خەباتگێڕانی مەسیحی کە تیموتی مك وی و تری نیکولز کە بۆمبنێژانی رووداوی ئوکلاها-مان، بۆچوونێك هەیە لە پیلانگێڕیی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەدوێ و دەڵێ گەلی ئەمریکا بەهۆی پیلانی چرووپڕی نێونەتەوەیی یەهودیان و فراماسۆنەکانەوە، ئازاد نین.

ئەوانە لەو باوەڕەدان کە گەلی ئەمریکا دەبێ بەپەنابردن بۆ خەباتی چەکداری کە ئەمریکا وەك گەلێکی مەسیحی و سەربەخۆ سەقامگیر دەکات، خۆیان رزگار بکەن[٥] سەیر لەوەدایە ئەم بیردۆزەی پیلانگێڕی لەلایەن ئەندامانی ئاسوم شینریکیو، جوڵانەوەی هەواداری بودایی - هندۆ لە ژاپۆن خراوەتەڕوو کە تاوانباربوون بەکوشتنی ٢١ کەس و بریندارکردنی هەزاران کەسی تر لە وێستگەی مێترۆی تۆکیۆدا.

گەنجێك کە بەرپرسی پەیوەندیی گشتی مەکتەبی ناوەندیی راپەڕین بوو لە تۆکیۆ کە هەوەڵین شتێ کە بەبیریدا هات، لە دوای بیستنی هەواڵی هێرش بەهۆی گازەوە، ئەوەبوو کە: (سەردەمی رامان گەیشتووە): جەنگی جیهانی سێهەم بەزوویی دەست پێدەکات. ئەو لە مامۆستای مەعنەوی خۆی، ژوکو ئاساها فێرببوو، کە ئارماگدون نزیك بۆتەوە و دەوڵەتی ژاپۆن بەهاوکاری ئەمریکا و تۆڕی نێونەتەیی فڕاماسۆنەکان و یەهودیان، بومەلەرزەی کۆبەیان لە کانوونی دووەمی ١٩٩٥ وەڕێ خستووەو ئەوجا نەخشەی هێرشی گازی ئەعسابیان داڕشتووە. کاتێك بیستی ئاساها خۆی لەو پیلانەدا دەستی هەبووە، سەرسام بوو. (لە رواڵەتدا) رابەری رووحی خۆی بەناونیشانی پارێزەری ژاپۆنیەکان دابووە قەڵەم و دەستی کردبوو بەوەدیهێنانی دەوڵەتی جێگرەوە، تا کۆنترۆڵی وڵات لە دوای کۆتایی هاتنی ئارماگدۆن بەدەستەوە بگرێت[٦].

لە هەموو بارەکانەوە، تاوانبارانی ئەم رووداوانە خاوەنی جۆرێك لە جیهانبینی بوونە کە بۆ کارێکی ئاوها تیرۆریستی ئاراستەی کردوون، ئەوانە وایان دەزانی پارێزگاری لە باوەڕی خۆیان دەکەن، بەم چاوەڕوانییە خۆیان مەست دەکرد، کە گوایە کارەکەیان دەبێت بە رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مەزن. لەبەرئەوە ئەو رووداوانەی ئەوان دەیانخولقاند بەئەندازەی مەزهەبی بوون، سیاسیش بوون، نموونە گەلێکی ئەوتۆی مەزهەبی و گۆڕانکاری سیاسییان خستەڕوو کە لە هەنگاوی یەکەمەوە لەگەڵ سروشی سەدەی بیستەم ناکۆك بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم یاخیبوونە مەزهەبیانە لە دژی مۆدێرنیتە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەنگی خۆی هەڵدەبڕێ. لە جەزائیرەوە بگرە تا ئایداهو، گروپی بچووك بەڵام بەتوانا لە هەڵسوڕاوی توندوتیژ کە نوێنەری روو لە فراوانبوونی لایەنگرانیان بوون. ئەوانە نموونەی ئەو بیرکردنەوەیەن کە دژی

مۆدێرنیزمی سەرکەوتوو - ئایدیۆلۆژی تاکگەرای گومانگەرایی کە لە سێ سەدەی رابردووەوە لەسەرانسەری ئەورووپای دوای چەرخی رۆشنگەری سەریان هەڵداو بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە. بەم بەڵگەیەو بە بەڵگەی لێشاوی توندوتیژی پەیوەست بە راپەرینە ناسیۆنالیستییە مەزهەبییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاسیای باشوور و شوێنەکانی تر، پێویستە تێبگەین ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان چیان دەوێ؟ بۆچی ئەوانە لەرادەبەدەر رق و کینەیان لە دەوڵەتە سیکۆلاریەکانە؟ ئەوانە چۆن گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکانیان پراکتیزە دەکەن. لەو شەڕەی کە ئێمە ناومان ناوە دیموکراسییە مۆدرێنەکان و بەرابەرخوازی، چ جۆرە نەزمێکی باس و کۆمەڵایەتی لەسەردا کەڵکەڵە دەکەن.

## دوو جۆرە ناسیۆنالیزمی مەزهەبی، نەتەوەیی و ئایدیۆلۆجیکی

ئەودەمی ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان رووبانکردە تیرۆریزم، تا ئەو جێگایەی مەبەستیان بوو، تارادەیەك سەرنجی زۆرینەیان بۆ لای خۆیان راکێشا، بەڵام رووبەڕووبوونەوەکانی تر، هەرچەند کەمتر هەست پێدەکران، هەروا رووبەڕووبوونەوە لە نێوان هەڵسوڕاوانی مەزهەبی و بەرپرسانی سیکۆلار بەشێوەی جەنگی راگەیاندن، تۆقاندنی خەڵکی و سانسۆری دیموکراتی لە هەڵبژاردنەکاندا هەبوون. رێبازی ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان وەك ئامانجەکانیان جۆراوجۆرە.

یەکێك لە گەورەترین جیاکارییەکان لە ئامانجی ناسیۆنالستانی مەزهەبی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە روانگەی ئەوانەوە، دین تا چ ئەندازەیەك، وەك سیمایەکی ناسنامەی نەتەوەیی دێتە ژمار - بۆ نموونە - جۆرێکی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی لە ئێرلەندە بەدی دەکرێت - و لەلایەکی دیکەوە بەشێك لە رەخنەی ئایدیۆلۆژیکی دەبێتە روانگەی ئەلتەرناتیڤ لە نەزمی سیاسیدا. جیاوازی نێوان ئەم دووە، گرینگە و حەوجێی روونکردنەوەیە.

## ناسیۆنالیزمی مەزهەبی نەتەوەیی

ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی سەرزەویدا هەیە، من زاراوەی (نەتەوەیی) لەم دەقەدا بۆ کۆمەڵگایەك بەکار دەبەم کە لە رێگای رەگەز، مێژوو یان فەرهەنگەوە پێکەوە ئاوێتەبوون. ئەوانەی کە لە ناوەوەی نەزمێکی کۆمەڵایەتیی کۆندا هەست بەبێ بەشی و دەسبەسەری دەکەن و ئەوانەش ئارەزوویانە تا ناسنامەیەکی سیاسیی تایبەت بەخۆیان، لە ناوچەی جوگرافیای خۆیاندا وەدەست بێنن لە وەها حاڵێکدا دەگونجێ مەزهەب لەگەڵ فەرهەنگی دەسەڵاتی یان فەرهەنگی ئازادیبەخش گرێ بدرێ. خەباتی ئێرلەندییەکان - هەم پرۆتستانت و هەمیش کاتۆلیك - بۆ دەسەڵاتی سیاسی بۆ سەر زەوییەك کە تیایدا دەژین، نموونەیەکی پارادایمییە لەم بارەوە. هەوڵ و تەقەلای موسڵمانانی چیچان لەم ئاخرو ئۆخرەدا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە رووسیاو موسڵمانانی تاجیکستان بۆ پارێزگاریکردن لە سیمای فەرهەنگی ناسیۆنالیزمی ژیاندنەوەی تاجیکستان، هەندێك نموونەن دوابەدوای لێکبڵاوبوونی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، سەریان هەڵداوە. سەردەمێك لە یۆغۆسلافیا

سێ گروپ لە ناسیۆنالیستە مەزهەبی و نەتەوەییەکان سەرگەرمی نابوتکردنی یەکتربوون، سربە ئورتدۆکسەکان، کرواتە کاتۆلیکەکان و بۆسنیە موسڵمانەکان. لە ئاسیای باشووریشدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی هندۆییەکانی تامیل لە سیریلانکا، موسڵمانی کەشمیری و تاڕادەیەکیش لایەنگرانی خاڵستان لە پەنجاب، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی نەتەوەیین. لەم بارەوە، مەزهەب، ناسنامەیەکی بەدەست هێناوە کە مایەی بەهێزی کۆمەڵگان و دەیانبەستێتەوە بەشوێنێکی تایبەت.

**ناسیۆنالیزمی مەزهەبی – ئایدیۆلۆجی**

جۆری دووەمی ناسیۆنالیزم، پەیوەستە بەبیروباوەڕەوە. من زاراوەی.. ئایدیۆلۆژجی بەکاردەبەم، بەڵام نەوەك چەمکێکی مارکسیستی یان مانهایمی، بەڵکو لە مانای سەرەتایی ئەودا، یانی بەو شێوەیەی کە لەلایەن ئایدیۆلۆجستەکانەوە واتە ئەو گروپەی شۆڕشگێڕانی فەرەنسەیی لە سەدەی (١٨)دا دروستیان کرد. ئەوانە ئاگایانە چوارچێوەیەکیان لە بەهاکان و تێزە ئەخلاقییەکان بەدیهێنا کە دەبوو هەمان رۆڵی پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتیی سیکۆلاری نوێ، ببینێ کە مەزهەبی سونەتی بۆ پاراستنی نەزمی کۆمەڵایەتی کۆن، گێڕاویەتی، سەیر ئەوەیە مێژوو ئێستا خولێکی تەواو سوڕاوە، ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکانی ئەمڕۆ، بنەما ئایدیۆلۆجیکی ناسیۆنالیزمی سیکۆلاری خۆرئاوایی، باوەڕبوون بەتاك و ئەو بڕیارە کۆمەڵایەتییانە رەتدەکەنەوە کە لەلایەن ئایدیۆلۆجستانەوە، بیردۆزگەرایانی وەکو جان جاك روسۆ و جان لاك، بەیان کرابوون، خەریکی جێگرتنەوەیانە بەچوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی تازەی پەیوەست بەخۆیان، ئەم چوارچێوە تازەیە دەیەوێ باوەڕی سونەتی مەزهەبی لەمەڕ مافی خوایی و دەگەڵ بیرۆکەی مۆدێرنی دەوڵەتی نەتەوە لێکبدات(٧).

ئەگەر ئاراستە نەتەوەییەکان بەرەو ناسیۆنالیزمی مەزهەبی لەرێگای بەکارهێنانی ناسنامەکانی مەزهەبی بۆ ئامانجی سیاسی دەست بەسیاسی بوونی مەزهەب دەکات، ئاراستەی ئایدیۆلۆجی بەرەو ناسیۆنالیزمی مەزهەبی بە پێچەوانەوە کاردەکات، واتە بەدینی کردنی سیاسەت ئەم شێوە ناسیۆنایزمە مەزهەبییە بەربەرەکانی و بابەتەکان لە زەمینەیەکی پیرۆزدا دەگونجێنێت. لە تێڕامانی ئەمانەوە، رێککەوتن لەگەڵ ئامانجە مەزهەبییەکاندا، دەبێتە پێوەرێك بۆ رێبازێکی سیاسیی پەسەندکراو. شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆ وێنەی نموونەیەکی کلاسیکی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆجی بوو کە سیاسەتی لە مەفهومی پێناسەکراویدا ئاوەژووکردەوە. بەپێچەوانەی ئایدیای خۆرئاوایی کە نەزمی سیاسی نامەزهەبی، تاڕادەیەك، چالاکی مەزهەبی لە قالب دەدا. لە ئێراندا دەسەڵاتێکی مەزهەبی چوارچێوەی سیاسەت دیاری دەکات. لە راستیدا، یاسای بنەڕەتی ئێران بڕیاردەدا کە یەك (حاکمی دادپەروەر) روحانیەکی وەکو ئایەتوڵڵا خومەینی بەناونیشانی حاکمی بێ چەند چوون، بنەماکانی ئەخلاقی سیاسەت دابڕێژێ هەر بەو بەڵگەیە، ئەزمونی ئێران شۆڕشێکی واقیعی بوو، یەك گۆڕانکاری بێ وێنەی کرد لە گەڵێکی

بەرۆژئاوابوودا کە شا بۆ ئێران لە بەرچاوی گرتبوو، تا ئەو جێیەی کە ناسیونالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆجیکی، باوەڕگەلی مەزهەبی بە پایەی سیاسەت دادەنێ. ئارەزووە نەتەوایەتییەکان لەگەڵ مامەڵەی مەزهەبیدا بۆ دڵسۆزی و رزگاری ئوخرەوی تێکەڵ دەبێت و مافی مەزهەبی لە جیاتی مافی سیکۆلار بۆ ستونی دەسەڵاتی دەوڵەت دەگۆڕێت.

ئەگەر دوژمنی ناسیۆنالیستی مەزهەبی نەتەوایەتی، نەتەوەیەکی دوژمنە، واتە بەگشتی ئەو گروپەی زاڵەی کۆنترۆڵیان دەکا، ناسیۆنالیستە مەزهەبییە ئایدیۆلۆجیکییەکان پێویستیان بەوە نییە لە کۆمەڵگای نەتەوەیی خۆیان بەولاوە بەدوای دوژمنی ئایدیۆلۆجیدا بگەڕێن. ئەوان پتر رقیان لە دوژمنێکی ناوخۆییە. کردەی ئەمیر بیگاڵ (تروری ئیسحاق رابین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل) بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم خاڵە روون دەکاتەوە، ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان هەر رابەرانی سیکۆلاری ولاتانی خۆیان دەکەنە ئامانج. هەر لەبەر ئەم هۆیە لە ولاتی موسڵمانی وەکو عەرەبستانی سعودی، پاکستان و تورکیە ئاڵۆزییەکان روو لە زیادییە لەبەرئەوە شۆڕشگێران رکەبەری ئیسلام گەرا لەم ولاتانەدا، رابەرانی موسڵمانی میانەڕەوی خۆیان بەگرفتی پێشکەوتن دەزانن. ئەوەتا لە ولاتە یەکگرتووەکان، بەرق داگرتنی توند لە دەوڵەت، گەیشتە بۆمبدانانی لە بینای فیدراڵی. لە هیندوستان، رقێکی زۆر بەرامبەر سیاسەتی سیکۆلاری حیزبی بهاراتیا جاناتای بۆ گەورەترین بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی لە جیهاندا گۆڕی. جولانەوەی بودیستی لە سریلانکان مەغۆلستان و تبت، دژانی سیاسەتی سیکۆلاری خۆیان نەتەنها دژی رەوشت و بێ بنمای دادەنێن بەڵکو بە دوژمنانی نەزمی کۆمەڵایەتیان (دهامیك) (عادیلانە) لە قەڵەم دەدەن.

هەندێك لە ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان، رابەرانی سیکۆلاری خۆیان بەبەشێك لە پیلانێکی گەورەترو نزیك لە جیهانگیری دادەنێن و تۆڕە مەزنەکانی سیاسی و ئابووریش پشتیوانیان دەکەن و لەلایەن دەسەڵاتە ئەورووپی ئەمریکاییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. لەبەرئەوە دەگونجێت ئەوان نەك هەر رقیان لە سیاسەتمەدارانی خۆیان بێت، بەڵکو بێزارن لە رابەرانی سیاسی و ئابووریی هاوپەیمانانی ئەوان لە دەرەوەی سنورەکانی نەتەوەییش. خەباتگێڕانی موسڵمانی پەیوەست بەگرۆیەکی توندڕەوی وەکو (الجماعة الاسلامیة) لەمیسر، بۆ نموونە نەك هەر هێرشیان بردە سەر سیاسەتمەدارانی میسری و ئەنوەرساداتیان کوشت و هەوڵیاندا جێگرەکەش یان (حسنی موبارەك)یش لەناوبەرن، بەڵکو هێرشیان کردە سەر بیانییەکانیش، لەوانە هێرشیان کردە سەر ئۆتۆبۆسی گەشتیارانی یۆنانی لە نزیك ئەهرامەکانی میسر (١٧ نیسانی ١٩٩٦) کە بووە هۆی مەرگی ژمارەیەکیان.

کاتێك شێخ عومەر عەبدولڕەحمان رابەری ئەم بزووتنەوەیە، چووە نیوجەرسی، لە رووداوی بۆمبانانەوەکەی نێوەندی بازرگانی جیهانییەوە گلا (٢٦ شوباتی ١٩٩٣) کە (٦) کەسی تیادا کوژراو پتر لە هەزار کەسیش بریندار بوون. ئەم جولانەوەیە بەکردەوە جەنگی خۆی لە دژی دەسەڵاتی سیکولار، بردە دەرەوەی سنوورەکان. ئەو لە بواری دادگایی کردنیدا لە کانونی دووەم ١٩٩٦ بەهۆی رابەریکردنی

فکری هێرشی ناوبراو، لە هەمانکاتدا بەداڕێژەری پیلانی هێرش بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی شاری نیۆیۆرك تاوانبار کرا، لەوانە باڵەخانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تونێلی لینکۆڵن، ئیسلامگەراکانی جەزائیریش جەنگیان لە دژی ڕابەرانی سیکۆلاری ئەم وڵاتە کێشایە ناو پاریس و لە ساڵی ١٩٩٥ هەستان بەزنجیرە بۆمبدانانەوە لە میترۆدا. حەسەن تورابی لە سودان تاوانبارکراوە بە ڕێکخستنی ئەنجوومەنی ئیسلامی لە چەند وڵاتێکدا دژی ئەو دەسەڵاتەی بە شەیتانی خۆرئاوای سیکۆلار ناودەبرێ. لە هەندێك بواردا، ئەم بۆچوونە پیلانگێڕییە، مەرامی سەیرو سەمەرەی لێدەکەوێتەوە، وەك ئەو ڕایەی ئاوم شینریکیو و میلیشیای مەسیحی ئەمریکا لە بارەی پیلانی یەهودییان و فەراماسونەکانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان.

## ناسیۆنالیزمی مەزهەبی نەتەوەیی – ئایدیۆلۆجیکی

شێوەی سێهەمی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی کە دەکرێ ناوی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی - ئایدیۆلۆجیکی لێ بنرێت، دوو شێوەی تری ناسیۆنالیزم پێکەوە لێکدەدا و لە ماهیەتدا، هەم نەتەوەیی و هەم ئایدیۆلۆجیکییە، ئەم ناسیۆنالیستی مەزهەبییانە دوو کۆمەڵە، لە دوژمنان وێکرا دەکەنە ئامانج، دوژمنانی نەتەوەیی، و ڕابەرانی سیکۆلاری میللەتی خۆیان. ڕاپەڕینی حەماسی فەلەستینی نموونەی بەرجەستەی ئەو ناسیۆنالیزمەن. ئەوان لەو هێرشانەی دەیانکردە سەر ئیسرائیل دەیانەویست توانای لەرزۆکی عەرەفاتیش لەکەدار بکەن. بەواتایەکی تر، زۆربەی ئەو هێرشانەی کە بۆ سەر ئیسرائیل بوو، بەم مەبەست و ئامانجە ڕێکدەخرا تا ئیعتبارو توانای عەرەفانیش لە کەدار بێ، ئەمەش ڕێکەوت نییە، کە بۆمبدانانەوە خۆکوژییەکانی حەماس لە دژی ئیسرائیل لە مانگەکانی پێش و پاش هەڵبژاردنی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ بۆ بێ ئیعتبارکردنی هەڵبژاردن، زیادی کرد. ڕابەرانی ڕاپەڕین، هەروەکو دامەزرێنەرەکەی، شێخ ئەحمەد یاسین، چەند ساڵ لەمەوپێش وتبووی، باوەڕیان وایە کە (دەوڵەتی ڕاستەقینەی فەلەستینی دەبێ تەنها دەوڵەتێکی ئیسلامی بێ [٨] ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕاپەڕین دەبێ لە یەك کاتدا لە دژی ڕابەرانی ئیسرائیل و ڕابەرانی سکۆلاری فەلەستینی وەك عەرەفات، جەنگ بەرپا بکرێت. جیاخوازەکان (سیخ) کە تا ساڵی ١٩٩٣ لە هندی باکور گەشەیانکرد، ڕاست وەکو خەباتکارانی موسڵمانانی حەماس، هەم نەتەوەیی و هەم ئایدیۆلۆجی بوون وەك فەلەستینییەکان، دوژمنیان هەبوو. لە بزووتنەوەی سیخەکان، لقی خالستان، ئەو ئامانجەیان گرتبووە بەر کە گەلێکی جیا لە سیخەکان بەدی بهێنن و پەنجاب لە هندییەکان پاککەنەوە، بەلام باڵێکی تری مەزهەبی ئایدیۆلۆجیکی لە بزووتنەوەکەدا هەبوو، کە لەلایەن (سانت جازئیل سینگ بهێندرا نوال)ەوە بەڕێوە دەبرا و ئەم ئامانجەی گرتبووە بەر کە سونەتی سیخەکان هەم لە کاروباری مەزهەبەوەو هەم غەیرە مەزهەبییەوە بگەیەنێتە دەسەڵات، و ڕابەرانی میانەڕەوی سیخ و سیاسەتمەدارانی سیکۆلاریان کردبووە ئامانج. پەیڕەوانی ئەم باڵە توانیان چەند سیاسەتمەداری گرنگی سیکۆلاری تیرۆر بکەن، لەوانە

ئەنـدیرا غانـدی، سـەرۆك وەزیـران لـە (١٩٨٤). تەقینەوەی سامناکی سـاڵی ١٩٩٥ کـە بـووە هـۆی کوژرانی( بینت سینگ) سەرۆکی وەزیرانی پـەنجاب، دەری خست بزووتنەوەکە هێشتا زیندووە.

بزووتنـەوە ناسـیۆنالیزمە مەزهەبییـەکانی تـر، تەنانەت ئەوانەی لـە پلـەی یەکەمـدا بەنەتەوایـەتی دادەنـرێن، دەکـرێ لـە هـەمان کاتـدا نـاواخنی ئایـدیۆلۆجیان هـەبێت. ئەمـەش بـەو بەڵگەیـە کـە مەزهـەب وەك گەنجینەیـەکی نـەریت و باوەڕەکـان، هەمیـشەش ئـەو پانتاییـەی هەیـە ئـەو کەسـانەی ئارەزوومەندی وەدیهێنانی چوارچێوەیەکی تـازەن لـە ئایدیاکانی نەزمی کۆمەڵایەتی، بەهرەی لێوەربگرن. بـۆ نموونـە، لـە بۆسـنە رق و کینـەی، سـربە بۆسنیاییەکان - کە زۆر لە راگەیاندنەکانی خۆرئاوادا بەپاشماوەی رکابەری کۆنی نەتەوایـەتی دادەنـێن، لـە رێگـای ئەفـسانەیەکی مەزهـەبی خەیاڵییـەوە بڵاودەکرێتـەوە. رابـەرانی سـرب، مەسـیحیانی ئەرتدۆکسین بـە هـەڵێنجانی سیاسـەتێکی نـوێ لـە داستانێکی حەماسی، خۆیان وەك کەسایەتی مەسیح دەبینن. ئەوانە دراماو شیعری تازەیـان خوڵقانـدووە کە داستانی مـەرگی مەسـیح لـە سـەردەمی نوێـدا لێکدەداتەوە، بەشێوەیەك کە لەم داستانەدا، رابەرانی سرب بەپەیکەری مەسیح و موسـڵمانی بۆسـنەییش، بەیـەهودا دادەنـێن. ئـەم شـێوە رووخـسارسازییەی موسڵمانان لە قاڵبی ئەفسانەدا، رێگـا بـۆ سـربەکان خۆشدەکا، موسڵمانان لە مرۆڤ کەمتر حیساب بکـەن کـە شـایانی پاکـسازی رەگـەز و کردنـە قوربـانین، هەربۆیە لـە تـاریکترین کاتـەکانی شـەڕی نـاوخۆیی بۆسنەدا، ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن(٩).

وەك نموونەی بۆسنیا دەریدەخا هەندێ کات هێڵی جیاکەرەوەی روون لە نێـوان شـێوەکانی نەتـەوەیی و ئایدیۆلۆجی ناسیۆنالیستی مەزهەبیدا هەیە.

بەگشتی تێگەیـشتنی ناسـیۆنالیزمی مەزهـەبی نەتەوەیی بۆ ئەمەریکی و ئەوروپییـەکانی مـۆدێرن، ئاسان ترە. هەرچەندە دەگـونجێ بەهـەمان ئەنـدازەی ناسـیۆنالیزمی ئایـدیۆلۆجیکی توندوتیـژی هـەبێت. بۆمبنانەوە تیرۆریستییەکانی لەندەن لەلایەن سـوپای کۆماری خـوازی ئیرلەنـدی، دوای ئـەوەی کـە شـەڕ هەڵگیرسایەوە لە شوباتی ١٩٩٦ و هێرشی خۆکوژی تامیلەکانی سیریلانکا کە ناوەندی شاری کۆلۆمبـۆی لـە کـانوونی دووەمـی ١٩٩٦ تێـك و پێکـدا نموونەگەلێکی ئـەم دواییـەن. لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەم کـردارە توندوتیـژ ئامێزانـە تاڕادەیـەك قـابیلی لـێ تێگەیشتنن، چونکە ئەوانـە کۆمەڵگایـەکیان کـردە ئامانج کە بەخاوەنی کۆنترۆڵی سوپایی یـان سیاسـی راسـتەوخۆ لـە لەقەڵـەم دەدرا، توندوتیـژی بزووتنـەوەکانی مەزهـەبی ئایـدیۆلۆجیکی رووی لـە کەسانێکە کە لـەڕووی ئایدیۆلۆجییەوە لەگـەڵ ئـەم بزووتنەوانـە جیـاوازن، واتـە سێکلاریـستەکان، و ئەمانەی بەسەر لایەنگرانی ئەم بزووتنەوانە کۆنترۆڵی فەرهەنگی و ئـابووری نابەرچـاویان هەیـە، وا دێتـە بەرچاو دوژمنانی ئەوانـە بـۆ زۆرینـەی خۆرئاواییـان دڵگیر یا ئاسایی بێت:

لەوانـە رابـەرانی سـیکۆلارو مۆدێرنـەی وەکـو ئیسحاق رابین یان ئەنوەر سادات و هێمای رەونەقدارو بەتوانای ئەمەریکا وەك بنکەی بازرگانی جیهـانی و باڵەخانـەی فیـدراڵی شـاری ئوکلاهامـا. لەبەرئـەوە دەرکـی ئـەم جـۆرە توندوتیژییـەی ناسیۆنالیـستی

ئایدیۆلۆجیکی گرانترو بەڵگەکانی پشتەوەی قولتر وەبەرچاوان دێت چونکە خاوەنی رەخنەی بونیادییە لە فەرهەنگ و سیاسەتی خۆرئاوایی دوای سەردەمی رۆشنگەری، بەم بەڵگانە پاشماوەی نووسینەکەمان لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆژی چڕ دەکەینەوە.

### لۆجیکی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆجی

هەرچەندە هەر بزووتنەوەیەك لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیەوە سەری هەڵداوە، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە لەلایەکەوە بەهۆی گۆڕانکاری بەرینی ئابووری سیاسی کە لەم چرکەساتەی مێژوودا خەڵکی جیهان لە ئەزموونەکەیدا بەشدارن، توخمی هاوبەشیش لە هەموویاندا بەرچاو دەکەوێت کەواتە هەرچی لە درێژەی ئەم باسەدا دێت، هەوڵێکە بۆ ناساندنی پێنج قۆناغی گرینگ لە پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆجی و ناسیۆنالیزمی مەزهەبی نەتەوەیی، ئایدیۆلۆجی کە لە هەمان ئەزموونی هاوبەشەوە وەدیهاتووە، ئەو ئەزموونەی بەناکۆك دەستی دەکات بەرامبەر دەسەڵاتی فەرهەنگی مۆدێرنی خۆرئاوایی و ئەو یەکگرتووە سیاسییەی بەناسیۆنالیزمی سیکولار دەناسرێت.

### ١- هەڵەنگووتن لە ناسیۆنالیزمی سیکولار:

ئەو گۆڕانکارییەی دوای رووخانی سۆڤیەت لە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیدا روویداو هەڵکشانی کتوپڕی ژاپۆن و وڵاتە ئابوورییەکانی تری ئاسیایی لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا دەرئەنجامی گرینگی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە. بوونی ئاسایشی گشتی بەدوای ئەم گۆڕانکارییانە داهات، هەر لەو کۆمەڵگایانەی خەڵکەکەی لەڕووی ئابوورییەوە بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانە لە پەلوپۆ نەکەوتن، بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بەڵکو ناوچەی ئابووری بەهێزی تری وەبەرخۆیدا، بۆ نموونە، لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ناڕازی بوونی بەرچاوی بەرامبەر رابەرانی سیاسی بەدیهێناو ئەم وڵاتانە گەشەی بزووتنەوەی مەزهەبی راستڕەویان بەخۆوە دی کە تێڕوانینی گشتی لەمەڕ داڕوخانی ئەخلاقی رابەرانی سیاسی بەهێز دەکرد، خاڵی زێدەڕۆیی ئەم کاردانەوەیە سەرهەڵدانی مەزهەبی مێلشیای مەسیحی و ئایینییەکانی دێتەدی لقی (اوپك) تاقمی داودی بوو، بزووتنەوەگەلی هاوشێوەشیان لە ژاپۆن، بەهەمان شێوەی هەڵەنگووتی لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووس و ئایندەی نەتەوەیی، دەرکەوتن لە ژاپۆنیشدا وەك ئەمریکا رەخنەگرتن لە سیاسەت و ئەلترناتیڤەکانی تاقمگەرایان پتر شێوەی مەزهەبخوازی بەخۆوە دەگرێ” وەکو بزووتنەوە مەزهەبییە تازەکان. سوکاگاکایی، ئاگون - شوو ئاسوم شینریکیو.

گۆڕانکارییە جیهانییەکان کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران لە ئامانجی نەتەوایەتی وڵاتانی گەشەسەندوو، بەشێوەی تاڕادەیەك جیاواز، کاریان کردۆتە سەر گەلانی تازە پێگەیشتوو. ژمارەیەك لە رابەرانی ئەوسا دەیانویست کۆپی گەلی ئەمریکایی ئاوێتەیەکی ئەمریکی و سۆڤییەتی لە وڵاتانی خۆیاندا چێ بکەن. بەڵام ئێستا لە وڵاتانێ کە پێشووتر کۆلۆنی ئەوروپاییان بوون، وەچەیەکی تازە

له رابـەرانی سیاسـی پەیـدابوون کـە ئیـدی لەگـەڵ تێــڕوانین و رابــەرانی خۆرئاواگــەرا نــین. ئەوانــە ئارەزوومەنـدن قۆنـاغی کۆلۆنیـالی تـەواو بکـەن و لەسەر رەوایـی بـەها سـونەتییەکانی ولاتـی خۆیـان مەیدانی گشتییەکان پێـدابگرن و لـە قۆنـاغی دوای کۆلۆنیـالی ناسـنامەی نەتەوایـەتی خۆیـان لەسـەر کلتوری خۆیان دابمەزرێنن[١٠]. ئەم ئـارەزووە کاتێـك مەزنتر دەبێت کـە لەگـەڵ هێرشـی راگەیاندنەکانـدا رووبەڕوو دەبێتەوە، بەتایبەتی موزیك، ڤیدیۆو فیلمە دزێوەکانی خۆرئاوا کە ئێستا کەناڵەکانی سـەتەلایت لەسـەر تاپـای دنیـادا بلاویـان دەکەنـەوەو شـێوەی ناوچەیی و نەریت و کلتور دەخەنە بەر هەڕەشە.

ئاکـامی ئـەم دژایـەتی کردنـە لەگـەڵ فەرهـەنگی مۆدێرنی رۆژئاوا، ئەو شتەیە کـە مـن نـاوم نـاوە: (لـە دەست دانـی ئیمـان) لـە شـێوەی ئایـدیۆلۆجیکی ئـەو فەرهەنگەدا. واتە ناسیۆنالیزمی سیکۆلار[١١]. ئەگەرچی ئەم بۆچوونە تا چەند ساڵی رابردوو سەیر دەهاتە بەرچاو، بەلاَم ئێستا ئەم بیرەی کە ناسیۆنالیزمە بەو شێوەیەی کە ئێمەی خۆرئاوایی مـۆدێرن دەیناسـین لـە - قەیراندایـە، گـۆڕاوە بـۆ پرسـێکی حاشـا هەڵنـەگر. ئـەم کـارە تـا ئەندازەیەکی زیاد پەیوەستە بە نووژەنکـاری فەرهـەنگی کە (هابرماس) دەیبەسـتێتەوە بـەو شـتەی نـاوی نـاوە (پرۆژەی - مۆدێرنێتە)[١٢] ئێمە هەموو رۆژێـك پـتر لـە رۆژی پێشووتر، لە جیهانێکی فرە فەرهـەنگی و پۆسـت مۆدێرنیتەدا بەسەر دەبـەن، لەوێـدا، روانگـە جوداکـانی گەلان لە رکابەریدان و خودی چەمکی ناسـیۆنالیزم بۆتـە بابەتێکی باسی گەرموگوڕ [١٣] لەنێو لێکۆڵەراندا.

ئەم بابەتە بۆ رابەرانی ئەو گەلانـەی هێـشتا بـۆ بەدیهێنانی یەك هەستی نەتەوایەتی خەبات دەکەن و وەلاَمی دینی بۆ پرسەی ناسنامەکەیان زۆر بەنرخـە، پرسی مانەوەیە لەسەر شانۆی سیاسەت.

### ٢- تێڕوانین لە سیاسەت بەشێوەی مەزهەبی:

هەنگاوی دووەمـی پێگەیـشتنی نـسایۆنالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆجیکی، دەرکـی ئـەم خاڵەیـە کـە بابــەتی سیاســەت لــە هــەمان کاتــدا بابــەتی مەزهەبیشە، ئەم کارە، وەکو لە پێـشەوەدا گوتمـان، بـەمانای (بەمەزهـەبیکردن)ی سیاسـەت، ئەمـەش بەدوو رەوش: لە رێگای نیشاندانی ئەوەی کە کێـشە سیاسیەکان ریـشەی مەزهـەبیان هـەس، ئـەوی تـر ئـەوەی کـە ئامانجـە مەزهەبییـەکان رێگـا چـارەی سیاسیان هەیە.

ئەگـەر یـەکێك لـە روانگـەی مەزهەبییـەوە بـۆ سیاسەت بنـوارێ، ئـەم خاڵـە ئاشـکرا دەبێـت کـە ناسیۆنالیزمی سیکۆلار شکستی خـواردووە، چـونکە ئەم ناسیۆنالیزمە لە روانگەی مەزهەبییەوە ناگونجێ. هەر بەو شێوەیەی کە یەکێك لـە رابـەرانی شۆڕشـی ئێران گوتوویـەتی: ناسـیۆنایزمی سـیکولار (جـۆرێ مەزهەبە[١٤] و تا ئەو جێگایە دەڕوات کە دەڵێ:

(ناسیۆنالیزم نەك تەنها یـەك مەزهەبـە، بـەڵکو مەزهــەبێکی تایبــەتی خۆرئاوایــە. ئەمــە خاڵێکــە لەلایەن یەکێ لە (اخوان المسلمین مصر) ئاماژەی بـۆ کراوە. لە پشتی ئەم دەربڕینە، تێڕوانینی تایبەت بـە واقیعـی کۆمەلاَیــەتی خـۆی مــەلاس داوە، ئــەو تێڕوانینەی واقیعی کۆمەلاَیـەتی بـە زنجیرەیـەك لـە بازنەی هاوچەق دادەنێ.

بـچووکترین بازنـە، خێـزان و تایەفـەکانن، دواتـر گروپەکانی نەتەوەیی و گەلان دێن. ئینجا گەورەترین و

بەنرخترینیان مەزهەبەکانە کە مانای شارستانی، جیهانی دەگەیەنێ لەوانە بودیسم، ئیسلام و شتێ کە پێی دەگوترێت، جیهانی مەسیحی یاخود (شارستانێتی خۆرئاوا) یان (رۆژئاواگەرایی)(١٦).

لەم پۆلینکردنە چەمکیانە، ولاتانی وەك ئەلمانیا فەرەنساو ولاتە یەکگرتووەکان بەناونیشانی ژێر کۆمەڵەی جیهانی مەسیحی خۆرئاوایی ناودەبرێن و بەهەمان پێرست، میسر، ئێران، پاکستان و ولاتانی تر ژێر کۆمەڵەی شارستانیەتی ئیسلامین.

ئەم بۆچوونە، هەم بەپێی دەربڕین و هەم بەپێی سیاسەت، هەڵەیە کە میسر یان ئێران، لە چوارچێوەی چەمکی خۆرئاوادا بگونجێنین. لەم (نوختە نیگایەوە، ئەوانە لە دەروونداا بەشێکن لە شارستانییەتی ئیسلامی نەك شارستانیەتی خۆرئاوا، ئەمە کاری ئیمپریالیزمە کە لە بارەیاندا بەشێوەیەکی تر بیر دەکاتەوە. ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، دەیانەوێت مەسەلەی ناسیۆنالیزمی سیکولار ئاوا چارەسەر بکەن: بە (خۆرئاواگەرایی) یا بەمەزهەبێکی تری بزانن کە لەڕووی مەعنەوی کاڵ و لەڕووی فەرهەنگی بێمانایە.

لەکاتێکدا مەزهەب خەریکی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانە، سیاسەتیش یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات. بۆ نموونە لە روانگەی زایۆنیستانی رزگاریخوازی دینی وەك باروخ گلدشتاین و راوێژکارەکەی رابی میرکاهان، دەڵێن: جیهان چێ نابێ تا مەسیحی مەوعود دەرنەکەوێت و ناشتوانێت بێت تا سەرزەوییە پیرۆزەکانی لێواری غەزە جارێکی ترن بکەونەوە ژێر کۆنترۆڵی یەهودیان. کاهان) سالێك پێش ئەوەی لە نیۆیۆرك بەدەستی ئەو پەیڕەدا بکوژرێ کە لە مزگەوتی نیوجەرسییەوە پەیوەندییان بەشێخ عومەر عەبدولڕەحمانەوە هەبوو عومەر عەبدولڕەحمان لە مزگەوتی نیوجەرسییەوە پەیوەندییان پێوەبوو، بکوژرێت گوتی: (هیچ موعجیزەیەك روونادات). ئەو بەئاماژە بەگەڕانەوەی مەسیحی مەعود، پێی وابوو تەنها دوای ئەوەی یەهودیان هەلومەرجی سیاسی لە باریان بەدیهێنا، دەردەکەوێ، بەردەوامدەبێ و دەڵێ: (موعجیزە دروست دەکرێن)(١٧).

هەندێك لە یەهودیانی مەوعودگەرا وا بیر دەکەنەوە کە هەلومەرجی گونجاو بۆ گەڕانەوەی مەسیح بەپێی تەورات، چاککردنەوەی پەرستگای ئورشەلیمە لە شوێنە دێرینەکەی. ئەم شوێنە لە حالی حازردا زیارەتگای موسڵمانانە. هەندێك لە هەڵسوڕاوانی یەهودی، بۆ خێرایی بەخشین بەدەرکەوتنی مەسیحی مەوعود، پیلانیان دانا بۆ تەقاندنەوەی ئەو شوێنە. ئەو کەسەی لەبەر ئەم پیلانە ماوەیەك لە زینداندا بوو گوتی: نۆژەنکردنەوەی پەرستگا (ئەرکێکی نەتەوەیی)یەو بۆ رزگاری، کە ئیسرائیل نابێت لەو بارەوە هیچ سازشێك بکات(١٨).

ئەو دەستە چالاکانەی مەزهەبی کە باوەڕیان بەهەندێ شتی وەك هەزارەگەرایی مەسیحی یا ئیسلامیی شیعی، هەیە، پیادەکردنی ئەم پەیامە بەئەرکێکی مێژوویی دەزانن. چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی زەمانن کە رووبدات و سەردەمێکی دیکە دەست پێبکات. رابەر ئائوم شیزیکیۆ بەوەرگرتنی بۆچوونەکانی نۆموستردامۆس، ئەستێرەناسی فەرەنسە لە سەدەی شازدەهەمدا، پێشبینی کردبوو کە ئارماگدون، لە ساڵی ١٩٩٩ لە چوارچێوەی جەنگی جیهانی سێیەم، دەگاتە جێی و ئەوانەی دوای جەنگ

دەمێنن پتر لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە دەبن و لە ساڵی ٢٠١٢ کۆمەڵگایەکی تازە بنیات دەنێن بەرابەری قەدیسانی پەروەردەکراوی ئائوم[١٩].

هەڵسوڕاوە سیاسییە سوننەتییەکانی مەزهەبگەلی تریش لەوانەیە لە بیری کۆمەڵگایەکی باش دابن، کە ئەڵبەتە بەشێوەیی کەمتر دارِماتیکی، بەڵام تەنانەت موسڵمانی سونی، هندووەکان و بۆداییەکانیش ئارەزووی بەدیهێنانی سیاسیی بۆچوونەکانیان لە کۆمەڵگایەکی مەزهەبیدا ناشارنەوە. راهیبێکی بودایی لە سیرلانکا ئەم ئارەزووەی خستە سەر زمان کە: دەکرێ (کۆمەڵگای دهامیك) دادگەرانە بە وەدیهێنانی دەوڵەتی دینی هەر لەسەر ئەم گۆی زەوییە دابمەزرێت[٢٠].

### ٣- ناسینی دوژمن:

تێگەیشتنی سیاسەت بەشێوەی مەزهەبی پەلکێش دەکرێ بۆ هەنگاوی دواتر کە بریتییە لە دیاریکردنی ئەوەی کێ، یا کام دەسەڵات مەزهەبی لەم لادانانەدا تاوانبارە بەچاوی سیاسەت لە مەزهەب روانین، رەگ و ریشەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەزاراوەو دەستەواژەی دینی و وێنا دەکات.

گروپێکی مەزهەبی ئۆپۆزیسیۆن، هەندێك کات گروپەکی کەمینەی وەکو تامیلیەکان لە سری لانکا، یا مەسیحیانی قبتی لەمیسر، لەوانەیە بەناوی هۆکاری فەساد و رسوایی لە ژیانی گشتیدا، هێرشیان بکرێتە سەر، هەندێ جار دەگونجێت دوژمنی مەزهەب بەناونیشانی (لا مەزەب) یا بەهێزێکی دژە مەزهەب بێتە ئەژمار.

دەوڵەتی سیکولار لەوانەیە لەگەڵ یەکێك لەم دوو گووتەزایە یەك بێت. ئەم کارەش پەیوەستە بەوەی کە ئەم دەوڵەتە بەرهەمی نەریتێکی مەزهەبییە واتە (خۆرئاواگەرایی)یە، یاخود پەروەردەی دەستی ئەوانەیە کە لەگەڵ مەزهەب و هەموو شێوەکانی دا ناکۆکن. زۆر لە چالاکانی مەزهەبی هەموو ئەو کەسانەی کە دەخوازن بڵاوبوونەوەی مەزهەب سنووردار بکەن، خوازیاری کۆمەڵگایەکی شارستانی لەسەر بنەمای بەهاکانی سیکولارن، بە دژانی مەزهەب دێننە ئەژمار. لەم رووەوە، هەر کەسێك بۆ سیکۆلاریزم هەوڵبدات و لایەنگری بێت، بەواتایەك دوژمنی مەزهەبە.

توندڕەوترین شێوەی ئەم رەوشە لە بیرکردنەوەی (شەیتان سازی)[٢١] هەندێ لە ئەندامانی میلیشیای مەسیحی لە ولاتە یەکگرتووەکان، دانی باج رەت دەکەنەوە چونکە وا هەست دەکەن دەوڵەت لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتێکی شەیتانی دەرەکی دایە. لە رۆژەکانی هەوەڵی جەنگی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١، بزووتنەوەی حەماس بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تیایدا راگەیاندرابوو ولاتە یەکگرتووەکان، رابەرایەتی و ئاراستەی هەموو ئەو هێزانە دەکات کە دژی ئیسلامن. ئاماژەشی بۆ ناوی جۆرج بۆش کردووە کە نەك تەنها (سەرکردەی هێزەکانی شەیتان)ە، بەڵکو سەرۆکی خوا درۆینەکانیشە[٢٢].

هەروەك بەیاننامەکە رایدەگەیەنێت، ئەم شێوازەی بەڵگە هێنانەوە، زۆرجار بەهەڵخلیسکان کۆتایی دێت، چونکە کاتێك دامەزراوەو دەسەڵاتەکانی سیکۆلار، گەورەتر لە واقعی خۆیان، نیشان دران و سیمایەکی شەیتانیان وەرگرت، ئەنجام بەناچاری ئەوە

دەبێت کە هێزەکانی سیکۆلار گەورەترن لەو دوژمنانەی تێکدەشکێن، ئەوانە بوونەوەری ئەفسانەیی و هێزی شەیتانین. تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٦ سیاسەتمەدارانی ئێرانی بەبێ ئەوەی نیشانەی زێدەڕۆیی تیادا بەدی بکرێت، ئەمەریکایان بە (شەیتانی بزرگ) ناوبرد. ئەم واژەسازییە سەرەتا لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی ئیسلامی و ئەوەدەمی کە شا و کارتەر، هەردووکیان بەیەزیردی (واتە یەکرێگیراوی شەیتان) ناوبران. ئایەتوڵڵا خومەینی ئاوای دەربڕی کە (هەموو کێشەکانی ئێران لە ئەمریکاوەیە)[٢٣] مەبەست تەنیا کێشەی سیاسی و ئابووری نەبوو، بەڵکوو کێشەی فەرهەنگ و فکریش بوو، ئەو کێشانە لەگەڵ ئەو واعیزانەی لە دامەزراوەکانی پەروەردەی ئاینی، لەگەڵ ئەوکەسانەی لە زانکۆکان، لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی دەوڵەت، لە دامەزراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەو ڕۆژهەڵاتناسی بۆ خزمەتی وڵاتانی ئیمپریالیستی کاریان دەکرد، قووڵ دەبوونەوە[٢٤].

مەزنی و ئەو هێزەی تۆڕەکانی پیلانگێڕانی هەیانە تەنیا بە هێزی سەرو میتافیزکی دەکرێ ڕوونبکرێتەوە.

### ٤- ڕووبەڕووبونەوەی ناچاری:

کە دوژمنی مەزهەب ناسێنرا، دیارە قۆناغی چوارەم دێتە پێشەوە، بیری جەنگی جیهانی، واژەگەلی هاوشێوە لە بارەی (ئارماگدون) لەزۆربەی بزووتنەوە مەزهەبییەکاندا دەبینرێت، ڕووداوێکە هەم میلیشیای مەسیحی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەم ئەندامانی ئاپوم شینریکیۆ لە ژاپۆندا، لە بارەیەوە ئاگاداری دەدەن، بۆ نموونە، ڕابی میرکاهان لە بارەی تۆڵەسەندنەوەی خودا لە کافران قسەی دەکرد.

سزایەك کە بەسوککردنی فرعەون و کۆچ (میسری پێش سێ هەزار ساڵی ڕابردوو دەستی پێکرد لەم سەردەمەشدا بەسوکایەتی پێکردنی عەرەبان بەشێوەی کۆنترۆڵکردنی سەرزەوییەکانیان لەلایەن ئیسرائیلەوە بەردەوامە. کاهان پێی وایە کە ئەم ڕەوتە بەتێکۆشانێکی گەورە لە دژی عەرەبان و هێزە فاسدەکانی دیکەی ئیسرائیل لە داهاتویەکی نزیکدا ڕوودەدات، و دەگاتە کۆتا. کاهان ئاوا دەڵێ: (ناوی خودا گەرەیە، ئەوکات کە یەهودیان خەریکی جەنگن)[٢٥] یەکێکی تر لە چالاکی سیاسی ئیسرائیلیش ئاوای دەربڕی کە (خودا بێ پسانەوە لە دژی دوژمنەکانی لە جەنگدایە)و خەباتگێڕانێکی وەکو ئەویش (هۆکارێکی ئەم خەباتەن[٢٦])

زمانی جەنگ، لە بواری خەبات و کوشتندا بۆ ئامانجێك، زمانی پێویست و باوە لە پاوانی دیندا.[٢٧]

ڕەنگە بەلامانەوە سەیر بێت وێنەی وێرانکاری زۆرجار لەگەڵ بەڵێنی بەدیهێنانی ژیانێکی دڵگیرترو خۆش ئاوازتر هاوڕێیە. دەبێ بڵێین لۆجیکێکی تایبەتی لە ئارادایە کە ئەم هاوڕێیەش پەیوەندییە ئاسایی دەکات. بەبۆچونی من، دین زمانی نەزمی کۆتاییە، بەم بەڵگەیە بۆ کەسانێ کە لەم زمانە کەڵك وەردەگرن دەبێ ڕێگایەك ڕووەو بەرجەستەکردن و کۆنترۆڵکردنی بێ نەزمی بدۆزنەوە، بەتایبەتی بێ نەزمی لە پێوەری کۆتایی قابلی سەرکەوتنەو کۆتایی پێدێ. مەزهەب ئەم مەسەلەیە کە لەرێگای وێناندنی ئەفسانە، نیشانەو باوەڕو داستاندا ڕەنگ دەدەنەوە، ڕوون دەکاتەوە، خاچ لە مەسیحییەتدا، لە ڕوانگەی

ئیماندارانەوە هۆیەك نییە بۆ لە داردان، بەڵكو نیشانەی رزگارییە، هەروەكو شەمشیر كە بەناونیشانی هێمای گرینگ لە ئیسلام و ئایینی سیخ، باوەڕداران بەكەمەریانەوەی دەكەن، نەك وەكو چەكی مەرگ كە نیشانەی دەسەڵاتی خوایی بێ.

كەچی بەم شێوەیە، ئەم وێنە زبرانە مانای مەزهەبی پەیدا دەكەن و دەبێ لەوەها دەقێكدا راڤە بكرێن. ئەم وێنە زبرانە. دیارە سیمبۆڵی لە وانە شتی وەك خاچ - جەنگە مێژووییەكان یان رووبەڕووبوونەوەی ئەفسانەییەكان. بەڵام هەندێك جار وێنەیەك لە توندوتیژی وێنە یا نواندن نییە، بەڵكو كردەیەكی واقیعی توندوتیژییە، قوربانیكردنی ئاژەڵ هەڵبەتە قوربانی كردنی مرۆڤ، نموونەگەلێكن لە نەریتە كۆنەكان. ئەمڕۆ توندوتیژ بەواتاییەكان، دەكرێ لە توندوتیژیە واقیعییە سیاسییەكانی وەك بۆمب نانەوە كوشتاری سیاسیدا بدۆزرێنەوە.

ئەم توندوتیژییە سیاسیانە لە شێوەی چالاكی دینیدان، هەرچەندە ترسناك و وێرانكەرن، وەلێ لەبەرئەوەی لە باوەڕی دینیدا روخساری سامبوڵ وەخۆ دەگرن، بەپیرۆز دادەنرێن، بەدانانی مانای دینی بۆ ئەم چالاكیانە، ترس لەم چالاكیانە دەرەوێننەوە ئەوانەی دەست بۆ وەها كارێك دەبەن، لەبەرئەوەی ئەركێكی مەزهەبییە ئاراستەی دەكەن و پاساوی بۆ دێننەوە گەورەتر لە ئەفسانەو مێژووی لەقەڵەم دەدەن، وەك باوەڕێكی دینی دەیكەنە ئەزموونی بەشداریكردنی خەڵك لە جەنگێكی جیهانیدا.

لەبەر ئەم هۆیە ئەو كەسانەی پشتیوانی كاری تیرۆریستی ئاوا دەكەن، تەنانەت ئەگەر ئەم رووبەڕووبونەوانە بۆ خەڵكی ئاشكراش نەبن و لایەنی بەرامبەریش ئەم رووبەڕووبوونەوەی وەڕێ نەخستبێ، پێویستە باوەڕیان وابێ رووبەڕووبوونەیەكی ئاوا بوونی هەیە.

لە غەزە من لەناو هەڵسوڕاوانی لایەنگری حەماس هەستم بەنامۆیی كرد ئەویش چاوەڕوانی جەنگی راستەقینەی ئازادی بوو كە هێشتا دەستی پێنەكردووە. چاوەڕوانییەك كە بەهۆی كاردانەی قووڵی دەسكەوتەكانی ئاشتی گیرنەكەوتوە، یا دەرئەنجامی شاكارێك نییە، ئەوان چاوەڕوانن یا رەنگە خوازیاری بەرەنگاری بن لە رۆژی میعاد، جەنگێكی مەزن كە پێشەنگی سەردەمێكی نوێیان بێت. هێرشە خۆكوژییەكان كە لەلایەن فەلەستینی لاوو توندی باوەڕدار، لە مانگەكانی پێش هەڵبژاردنی كانونی دوەمی ساڵی ١٩٩٦ بەئەنجام گەیشت، لە هەندێك روەوە هەوڵێك بوو تا نائاسایی بوونی مانای هەڵبژاردن نیشان بدەن.

دەڵێی ئەوان بەڕاستی چاوەڕوانی رووبەڕووبوونەوەیەكی مەزن دەكەن، لەو جۆرەی كە تاكو ئێستا وێنەی نەبووە یان بەواتایەكی دیكە ئەو رووبەڕووبوونەوەیە بگەیەنن كە لە بۆچوونە ئۆستۆرەییەكەیاندا بۆ جیهان هەیانە، كە جەنگیكی نائاسایی، نادیار لە هەموو جێگایەك بوونی هەیە، كەواتە هەنگاونانی ئەوان دەتوانی پەردە لەسەر ئەم رووبەڕووبوونەوە جیهانییە لابدات.

## ٥ ئامانج: گەلانی ئاشتیخواز:

سەیر ئەوەیە كە ئامانجی ئەم هەموو تیرۆرو توندوتیژییەوە بەدەستهێنانی ئاشتی لە قەڵەم دەدرێت. لەڕاستیدا دەڵێن دوای كۆتایی جەنگی جیهانی و

سەرکەوتنی سیستمی راست بەو جۆرەی خەباتکاران دەخوازن، جیهانی ئاشتی ئامێز دەگاتە جێ.

رابەری بەشی سیاسی بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین دەڵێ بۆمبنانەوە لە بەیت و ئەلمقەدەس و تەلئەبیب و، جێگای تر لە کۆتاییدا دەگاتە ئاشتی[٢٨].

رابەری ژاپۆن ئاوۆم شینویکیو هەر وای پێشبینی کردووە کە دوای یەك پێکهەڵبژرانی گەورەو جیهانگیر لە دەوربەری ساڵی ٢٠٠٠ کە جەنگی ئەتۆمی و چەکی ئەعصابی تێدایە، ئاشتی هەزار ساڵە دەست پێدەکات، کە بەهاتنی مەسیحی تازە، (بەهەشت لەسەر زەوی) جێگیر دەکات و رابەری دەکرێ[٢٩] شتێ ئەم تیرۆریستانە و نزیکەی هەموو تیرۆریستەکان لەسەر کۆکن - بەو پێیەی کە ئێمە توندوتیژی هەست بزوێنی ئەوان دەبینین ئەوەیە واتێدەگەن هەر خۆیان خولقێنەری ئاشتین و خۆیان بەسەربازانی جەنگێ دادەنێن کە ئاشتی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی ئەوان لەسەری رێکنەکەوتون، چۆنیەتی ئەو جیهانە ئاشتی ئامێزەیە کە دەخوازن وەدیبهێنن. ئەم جیاوازییە لە ئامانجی سیاسیدا تەنیا لە جیاوازییەکانی مەزهەبی سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە نادیاربوونی شێوە سیاسەتێك رادێت کە بۆ خەڵك لە چەمکی دیندا دەگونجێت. هەر لەبەرئەوە بۆ پرسگەلی خوارەوە هیچ وەڵامێکی سادە نییە، ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان چ جۆرە دەوڵەتێکیان دەوێ؟

ئایا شتێك هەیە بەناوی سیاسەتی دینی؟ ئایا خەباتی ئایدیۆلۆجی بۆ دەوڵەتی دینی جەخت کردن لەسەر پێشڕەوی سیاسی بیرۆکەکان، یاساکان، سمبۆڵەکان، ناسنامەو رابەری، دەتوانێ نیشانی بدات ئەو دەوڵەتەی ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان مەبەستییانە لە کرداردا چۆن پێناسە دەکرێت؟

هەندێك لە بزووتنەوەی بەرفراوانترو چالاك تری ناسیۆنالیزمی مەزهەبی، کلیلگەلێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدەنە دەست. ئێران، تاکە دەوڵەتێکی مۆدێرنە کە لەسەر پایەی شۆڕشێکی مەزهەبی دروستکراوە، یەکێ لەم نموونانەیە سیاسەتی مەزهەبی هێندێك وڵاتی تر وەك سودان، پاکستان و هەندێ لە ویلایەتەکانی هندو تا ئەندازەیەکیشی تاجیکستان، بۆچوونێکمان لەم بوارەدا دەدەنە دەست، هەندێکی تر وەکو جەزائیر، ئەفغانستان، میسرو، سری لانکا بەرواڵەت سەردەمێك لەسەرو حەدی شۆڕشی مەزهەبی دابوون. بەرنامەکانی ئەو بزووتنەوانەی لەم وڵاتانەدا هەبوون، بەرەو ناسیۆنالیزمی مەزهەبی، بەش بەحاڵی خۆیان کۆمەڵێ شت دەخەنەڕوو.

ئەو دیمەنە روونانەی ئەم نموونانە دەیخەنەڕوو، ئەوەیە کە پێکهاتەی بزووتنەوەی مەزهەبی - لە درێژەدان بەدەوڵەتی مەزهەبی - زۆرتر دەسەڵاتگەرایانەیە، نەك دیموکراتیك، لەم رووەوە تێکڕایی تێکۆشەرانی مەزهەبی ئەم بزووتنەوانە بەتایبەتی ئەوانەی بیری شۆڕشێکیان هەیە بەفرە بڕوابن بەناوەندگەرایی دەسەڵات، دەناسرێن، هەتا ئەو تێکۆشەرانەی زۆرترین ناکۆکیان لەگەڵ دەوڵەتی سیکۆلار هەیە، لەسەر گرینگی شێوەی دیموکراتی سیاسی پێدادەگرن، بۆ نموونە شێخ یاسین رابەری حەماس لە غەزەدا گوتبووی کە (ئیسلام باوەڕی بەدیموکراتیەت هەیە)[٣٠] ئەم هەستە لە قسەکانی رابەری گوش ئامونیم، بزووتنەوەی رادیکالی

ئیسرائیلی دەرکەوێت دەڵێ: (ئێمە نیازمەندی دیموکراسین) تەنانەت لە (دەوڵەتێکی مەزهەبیشدا)[٣١].

بەڵام ئەو دڵبەستەگەیە بەدیموکراسییەوە تارادەیەکی زۆر، خۆ بەتەوەردانانە، ئەگەر مانای دیموکراسی هەمان حکومەتی زۆرینە بێت، لەوەها حاڵێکدا مەبەست لە دیموکراسی بریتی دەبێ لەوەی کە رێگا بدەین خەڵکی هەرچی دەخوازن، هەیانبێت، ئەگەر خەڵکی کۆمەڵگایەکی مەزهەبیان بوویت، نەك کۆمەڵگایەکی سیکولار، دەبێ کۆمەڵگایەکی مەزهەبییان هەبێت. یەکێك لە هەڵسوراوانی مەزهەبی میسر دەڵێ: بەو پێیەی ٨٠٪ی خەڵکی میسر موسڵمانن، میسر دەبێ دەوڵەتی ئیسلامی هەبێت[٣٢].

هەڵبەتە گومان لەوەدانییە کە هەموو موسڵمانانی میسر دەخوازن دەوڵەتێکی ئاوهاییان هەبێت. لەم رووەوە، مانای چەمکی دیموکراسی بێ چەندچوون (ئیرادەی زۆرینەیە)، بەبێ پارێزگاریکردن لە مافی کەمینە. کە هەر بەو شێوەیەی لە زۆربەی دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا رەواجی هەیە. بەڵام لە کۆتایی و لە چوارچێوەی باڵادەستی دەوڵەتی دینیدا، ئەمە نەك هەر ویستی خەڵکە بەڵکو خواوەندیشە کە بایەخدارە. لەیەك زەمینە جێگای مەزهەبیدا، دیموکراسی تەنها لە یەك چوارچێوەی دیاریکراودا دەتوانێت کارابێت، وەك میرکاهان دەڵێ: (حەقیقەت پابەند بەرەئی نییە[٣٣]) زۆرێك لە ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان لەگەڵ ئە رایەدان و دیاریکردنی حەقیقەت دەگێرنەوە بۆ بەدیهاتووەکان دوای دیموکراتیەت. لەبەرئەوە ئازادی لە دەوڵەتێکی دینیدا، هەمیشە بەیاسا مەزهەبییەکان لە قالب

دەدرێت و ئازادییەکانی تاك بەردەوام لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەسکاریی تێدا دەکرێت. هەر لەبەرئەوە ئەگەرچی هەندێ تێکەڵەی نێوان ئایدیۆلۆجی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی و پێکهاتەی دەوڵەت - نەتەوە دەکرێ قبول بکرێت، بەڵام یەکگرتوویەکی هەمەلایەنە لە نێوان ئایدیۆلۆجییەکانی دینی و سیاسەت ناتوانێ هەبێت. ئەوپەڕی شتێك کە دەکرێ ئومێدمان پێی هەبێت بریتییە لە جۆرێك لە رێزی هاوکات لەگەڵ بێزاری لە نێوان ئەم دوانەو ئەگەری پێکەوە ژیانی دوو لایەنی ئەوان بە تێپەڕینی زەمان.

## ئایندەی ناسیۆنالیزمی مەزهەبی

لایەنگری لە ئاشتی جیهانی کە رۆژ لە دوای رۆژ ناسیۆنالیستە مەزهەبییەکان دەگرێتەخۆی، لەگەڵ هەندێ کۆت و بەند هاوڕێیە، هەروەك لەم بابەتەدا ئاماژەی پێدراوە، ناسیۆنالیزمی مەزهەبی ئایدیۆلۆجی هەتا پتر لە ناسیۆنالیستی نەتەوەیی، لە جیهانی هاوچەرخدا بەهێزێکی ئاڵۆز دادەنرێ.

گەشەی یەك تێڕوانینی ناسیۆنالیستی مەزهەبی ئایدیۆلۆژیك، هەروەکو باسمان کرد، لە پێنج قۆناغ پێکهاتووە ئەم قۆناغانە بە خزینی ناسیۆنالیزمی غەیری مەزهەبی دەست پێدەکەن و بەلێکدانەوەی مەزهەبی سیاسەت بەرەو پێش دەڕوات و ئەوکات دەگاتە قۆناغی دوایی کە بەتەواوی دوژمنی فانی تێدا دەناسرێت وەك دوژمنێکی شەیتانی دواتر وێنای پێکدادانی سەتاسەری ئینجا وێنای جیهانی ئاشتی ئامێز دەکات کە لەلایەن گەلەوە وەیەکەی دینی بەرهەم دێت و کۆتایی پێدێت.

دیـــاردەی بەمەزهـــەبی بـــوونی سیاســـەت، دیاردەیەکە زۆر دەگمەن زۆربەی شێوەکانی مەزهـەب بەناسـیۆنالیزمی مەزهـەبی کۆتـایی نایـەت ئـەو بەڵگانـەی ئـەم بابەتـە وەدیـدێنن، لـە بارەکـانی کۆمەڵایەتی و مێـژوویی وزە وەردەگـرن هـەر دەبـێ لەوێش بەدوای سەرهەڵدانیدا بگەڕێین. ئـەم وتەیـەش مانـای ئەوەیـە کـە دیـاردەی بەمەزهـەب کردنـی سیاسەت بەشێوەیەك کە لـەم وتـارەدا هـاتووە، لـە بنـەمادا وەڵامێکـە بـۆ هەنـدێك لـە قەیرانـە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەم حوکمەش لە بـارەی گەشەی دیاردە ئاسای ناسیۆنالیزمی بەمەزهـەب لـە ساڵەکانی ئـەم دوایيـەدا وەڕاسـت دەگـەڕێ قەیرانـە هاوبەشـەکانی جیۆپـۆلیتیکی جیهـانی هاوچـەرخ، روونکـەرەوەی ئـەم مانایەیـە کـە بۆچـی تێکڕایـی بزووتنـەوەکانی ناسیۆنالیـستی مەزهـەبی لـەم دە ساڵەی رابـردوودا لـە وڵاتـی جۆراجـۆرو شـێوەگەلی مەزهەبیـدا هاتوونـە ئـاراوە. لـەم سـەردەمەدا، هەڵـسوکەوتە کۆمەڵایەتییـەکان و ئـاڵۆزو بلۆزییـە سیاسییەکان - کە رووخـانی سۆڤیەت و ئـاوابوونی دەسەڵاتە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە گۆشە و کەناری جیهاندا - راشـکاوانە دەبـوو بـە دوای دەرمـانێکی تازەدا بگەڕێ کە مەزهەب تاکە رابەری بەهێزبێ لـە گێژاوی ئابووری و سیاسیدا. لەوەش زێـدەتر، گـەلان کاتێك سومبلی نەتەوایـەتییان بەشـێوەی سۆڤیەت و ئـەمریکا رەتکـردەوە بـەرەو رابـردووی خۆیـان و سەرچاوەکانی فەرهەنگییان گەڕانەوە.

بزووتنـەوەی مەزهەبییـەکان لەوانـە جۆرەکـانی بەسیاسـی بـوون کاردانـەوەی کەسـانێك کـە لـە قەیرانـەکانی جیۆپـۆلیتیکی هەنوکـە، هەسـت بەخلیسکان و دواکەوتووی دەکەن. ئەو پرسەی ئـەوان تـاقی دەکەنـەوە کێـشەیەك نییـە پەیوەسـت بەخوداوەنـدەوە، بـەڵکو مەسـەلەیەکە پەیوەسـت بەسیاسەت، لەوانەش ئـەو هەسـتە تاڵەیـە، کـە لـە روکنـەکانی ئـەخلاق و ئایـدیۆلۆجی نـەزمی کۆمەڵایەتی داڕووخا راهاتووە. تـا ئـەو دەمـی کـە هەستی دڵنیاتری لە بارەی یاسایی بـوونی ئـەخلاقی ناسیۆنالیزمی سیکولار پەیدانەبووە، روانـینی دیـنی بۆ نەزمی ئەخلاقی وەك یەك رێگای سـەرنج راکـێش لە بیربۆچووندا خۆی دەنوێنێ و چـالاکانی مەزهـەبی بەهەوڵـدان بـۆ سـەپاندنی ئـەم رێگـا چـارەیە بەتوندوتیژی و خۆ لە بەرچـاوگرتن وەك سـەربازێکی جـەنگی جیهـانی بـۆ رزگـاری سیاسـی درێـژەی بەهەڵەکانیان دەدەن.

ئایا ناسیۆنالیستە مەزهەبییـەکان سـەردەکەون؟ بەدڵنیاییـەوە لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراو دەتـوانن رابەرانی سیاسی بخەنە مەترسییەوە. رژێمـەکان لـە بناخـەوە بلـەرزێنن هـەتا لـە هێنـدێك کۆمـەڵگای لەرزۆکـدا وەك ئەفغانـستان دەسـەڵات بەدەسـتەوە بگرن. بەڵام دەبێ داهـاتو نیـشانی بـدات کـە ئایـا گەلان دەتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ لەگـەڵ ئـەو نیمـچە دەسـکەوتانەی ئەلتـەرناتیفی مەزهـەبی پێشکەشی دەکات، بگونجێن.

## پەراوێزەکان

ب.: بگەڕێوە بۆ کتێبی:

١- دیدار لەگەڵ عیمادی سلوجی. رۆژنامەوانی و یەکێك لە رابەرانی بەشی سیاسی حەماس لە غەزە ١٩ ئوگوست ١٩٩٥.

2- Yigal Amir quoted in News, Service utilized in the article زRobin Assassins New Version New Version سSan Francisco chronicle, and January 14, 1996.

3- Yigal Amir Quoted in Barton Gellman, Robin assassin shocked in county, Washington Post, Reprinted in Son Francisco chronicle, January 30, 1996.

٤- گفتوگۆی رۆژنامەوانی لەگەڵ بابوشای ران، یەکێك لە پاسەوانانی خۆبەخش لە گۆڕستانی باروخ گلدشتاین لە نزیکی هبردن ١٨ ئابی ١٩٩٥.

٥- بۆ بەئاگابوونی لە ئایدیۆلۆجی بزووتنەوەی ناسنامەی مەسیحی هەروەها شێوەکانی تری خەباتخوازی دەستەڕاستی مەسیحی لەولاتە یەکگرتووەکان، رك:

James Aho, The Politics of Righteousness: Idaho Christian patriotism, Settle: University of Washington Press, 1990, pp. 83.

٦- گفتوگۆی رۆژنامەگەری لەگەڵ جوینچی کامانا، بەرپرسی کۆنی پەیەندییە گشتییەکان دەفتەری تۆکیر، لە ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٩٦.

٧- بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم ئایدە، ب. ك:

Mark Jueygensmeryer, Compelling Ideologies of Order the New cold War? Religions Nationalism Confronts The Secular State, Berkeley: University of 1989.

٨- گفتوگۆی رۆژنامەگەری لەگەڵ شێخ احمد یاسین لە غەزە، ١٤ کانونی دووەم.

٩- سوپاسی مایکل سلز دەکەم کە رێگای دا کۆپی کتێبە تازەکەی لەم بارەوە بەر لە چاپدان ببینم.

Michael Sells, The Bridge Betrayed: Religion and Genocide in Bosnia, Berkeley: University of California press, 1996.

ئەم بابەتە وەرگێڕدراوە لە:

Mark Jnergensmeyer .The world wide Rise of Religions- Nationalism .Journal of International Affairs, Vol, 50. No: Summer 1996. PP. 1-20.

**یاداشتەکان:**

١٠- روونکردنەوەیەکی بەهێزتر لەم بیرۆکەیە، ب،ك:

Parttha chattejee, The Nation and its Fragments: Cranial and posthole Histories Princeton: University press, 1993.

11- Mark juergenimeyer, op. cit, pp. 11-25.

12- Juergen Habermas ,Modernity. An Incomplet project ,reprinted in Interpretive Social Science. A Second look, edited by Paul Robinow and William M. Sullivan, Berkeley: University California press 1987, p. 148.

١٣- ئەدەبیاتی ئەکادیمکی دەربارەی ناسیۆنالیزم، لە چەند ساڵی رابردوودا گەشەی بەرچاوی کردووە بەناونیشانی نموونە، تەماشای ئەم بابەتانە بکە:

Reconstructing Nations and States, Daedauis, Vol. 122 No, S, summer 1993: Anthony D. myth, Ethnicity and Nationalism. International Journal of Comparative Sociology, Vol. 33, No 1-2 January - April 1992, UGI obal Culture, Theory - culture and Society, vol, No. 2-3, June 1990. Havumi Befu (Ed). Cultural Nationalism in East Asia, Be Rkeley: University of California press. 1993) Gideon Gottieb, Nation Against States, A new Approach to Ethnic conflicts and The Decline of Sovereignty, New York, council on foreign Relations, 1993, liar Green Fled, Nationalism: Five Roads to Modernity Cambridge. UK.

هەروەها بڕوانە ئە کتێبانەی خوارەوە:

Cambridge University Preset, 1992: Dawa Norbu, Culture and Politics of third world nationalism, London, Rout Routed 1992: William affine warms of nations Civilization and the fury of Nationalism, New York, Simon and Schuster, 1993. Yale Tamer, liberal Nationalism, Princeton: Princeton University press, 1993, Craw ford. Young (Ed) the rising Tide of cultural pmrollsm: The nation – sate at Bay. Madison's University of Wisconsin Press, 1993.

14- Abuthassan Banisadr, The Fundamental principles and precepts of Islamic Government, translated by Mohammad R. Ghanoon parvar. Lexington, KY, Mazda publishers 1981, p. 40.

١٥- دیداری نووسەری ئەم بابەتە لەگەڵ عصام العریان القاهیرە، ١١ کانونی دووەم ١٩٨٩.

١٦- دیداری نووسەر لەگەڵ دکتۆر ابراهیم رسوقی شتا، مامۆستای ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی قاهرە، ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩.

١٧- دیداری نووسەر لەگەڵ رابی میرکاهان، لە بیت المقدس. (١٨)ی کانونی دووەمی ١٩٨٩. کاهان لە کانونی یەکەم ١٩٩٠ لە هوتێلی ماریوت مانهاتان کوژرا.

١٨- دیداری نووسەر لەگەڵ بونیل لرنر، ئەندامی حیزبی سیاسی راسترەوی ئیسرائیل، لە بیت المقدس ١٧٠ پایی ١٩٩٥.

١٩- دیداری نووسەر لەگەڵ کامانا، ١٢ کانونی دووەمی ١٩٩٦ە ب. ك.

Shoko Asahura, Disaster Approaches the land of the Risings Sholko Asharaصs Apocalyptic preaction, Tokyo, Aum publishing comK 1995- p. 300.

٢٠- دیداری نووسەر لەگەڵ ئودوواو ئالاتاندانانداترو لە سری لانکا، ٥ کانوونی دووەمی ١٩٩١.

٢١- لەم بەشەو دووبەشی دوایی وتارە لە، بابەتێکم پێشووتر لە کتێبەکەمدا نووسیوە، دووبارەی دەکەمەوە ب.ك.

The New cold War? pp. 22. 23, 173. And 197.

22- Hamas Communiqué, January 22, 1991. quoted in Jean - Francois legrain, Defining Moment, Palestinian Islamic fundamentalism edited by James piscatorial, Islamic fundamentalism, and the Gulf crisis, Chicago, the fundamentalism project, American Academy of Arts and Sciences, 1991 p. 26.

23- Ayatollah Khomeini, collection of Speeches, position statements, Transition Near East and North Africa, No. 1902, Arlington, Joint Publications, Research Service, 1979, p.3.

24- Lmam Khomeini. Islam and Revolution , writing and Declaration.

Translated and annotated by Hamid Algar, Berkeleyn Mizzen press, 1981, London, Rutledge and Kegan Paul, 1985. p. 28.

٢٥- رابی میرکاهان، بیت المقدس ١٨ کانونی دووەم ١٩٨٩.

٢٦- دیداری نووسەر لەگەڵ بونل لونر ل لە بیت المقدس، کانوونی دووەم ١٩٨٩.

Mark Juergensmeyer, the logic of Religions Violence in Inside Terrorist Organizations edited by David Rapport, London; Frank cases. 1988, Sacrifice and Cosmic war, in Violence and The Scored in the Modern world, edited by Mark Juergensmeyer, London, Frank cases. 1992.

٢٨- دیدار لەگەڵ عماد سلوجی لە غەزە ١٩ی ئاب ١٩٩٥.

29- Asahara, po. Cit. p. 302.

٣٠- دیدار لەگەڵ شێخ احمد یاسین لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩.

٣١- دیداری نووسەر لەگەڵ رابی موشە لوینگر، رابەرێکی گوش ئامونیم، لە بیت المقدس ١٦ کانونی دووەمی ١٩٨٩.

٣٢- دیداری نووسەر - دکتۆر سدقی شتا لە قاهرە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩.

33- Kahane, quoted in Raphael Marquis and Philippe Simon not, Israelis Ayatollahs. Meir Kahane and the Far Right in Israel, London, Saqi Books, 1987, p. 36.